# کۆمپانیا نەوتییە چینییەکان لە عێراق 2008 بۆ 2021

15-09-2021

**نووسەرەکان**

مەحموود بابان

**کورتە :** ێراق کار بۆ بەرهەمهێنانی رۆژانەی 8 ملیۆن بەرمیل نەوت لە چەند ساڵی داهاتوودا دەکات، یەکێک لەو وڵاتانەی دەیەوێت بەشداریی کارای لەو پەرەپێدانەدا هەبێت و وەبەرهێنانی تێدا ئەنجامداوە وڵاتی چین، چونکە چین ئەو وڵاتەیە دەتوانێت بۆشایی کۆمپانیاکانی دیکە بەکرێنەوەی پشکەکانیان و وەرگرتنی گرێبەستی نوێ لە سێکتەری نەوتی عێراقدا پڕ بکاتەوە

مەحموود بابان-ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو |

راپۆرت-3 کۆمپانیا نەوتیە چینییەکان لە عێراق 2008 بۆ 2021

عێراق کار بۆ بەرهەمهێنانی رۆژانەی 8 ملیۆن بەرمیل نەوت لە چەند ساڵی داهاتوودا دەکات، یەکێک لەو وڵاتانەی دەیەوێت بەشداریی کارای لەو پەرەپێدانەدا هەبێت و وەبەرهێنانی تێدا ئەنجامداوە وڵاتی چین، چونکە چین ئەو وڵاتەیە دەتوانێت بۆشایی کۆمپانیاکانی دیکە بەکرێنەوەی پشکەکانیان و وەرگرتنی گرێبەستی نوێ لە سێکتەری نەوتی عێراقدا پڕ بکاتەوە، دوایەمینیان نموونەش گرێبەستی هەڵکەندنی [1]150 بیری نەوتی نوێیە لە کێڵگەی بوزورگان لە باشووری رۆژهەڵاتی پارێزگای میسان.

لەراستیدا کشانەوەی کۆمپانیا گەورەکانی سێکتەری نەوت لە عێراق و کڕینی پشکەکانیان لە لایەن کۆمپانیاکانی وەزارەتی نەوتەوە لەوانەیە ببێتە هۆی دابەزینی بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگە نەوتییەکاندا، چونکە عێراق ئەو توانا داراییەی لە بەردەستدا نییە بۆ کڕینی تەکنەلۆژیای نوێ بەهۆی قەیرانی داراییەوە. لەکاتێکدا وەزیری نەوت پلانی بەرهەمهێنانی رۆژانەی 7 ملیۆن بەرمیل نەوتی زیادکرد بۆ 8 ملیۆن بەرمیل نەوت لە چەند ساڵی داهاتوودا زیادکرد، ئا لێرەدایە چین بەهۆی توانای تەکنەلۆژی و دەستی کاری هەرزان و پێویستی دابینکردنی سەرچاوەی وزەی خۆی توانیویەتی رۆڵ و شوێن پێی خۆی لە پیشەسازی بەرهەمهێنان و پەرەپێدانی کێڵگە نەوتی و گازییەکان عێراقدا لە ئێستا و داهاتوودا جێگیر و قایمتر بکات.

**مێژووی کۆمپانیا چینییەکان لە پیشەسازی نەوتی عێراق**

لە دوو دەیەی رابردوو، کۆمپانیاکانی چین بە وەرگرتنی گرێبەستی کارکردن لە کێڵگە نەوتییەکان و کڕینەوەی پشکی کۆمپانیاکانی دیکە بە قەبارەی زیاتر لە ١٠ ملیار دۆلار لە پەرەپێدان و بەرهەمهێنانی نەوت لە عێراقدا بەشدارییان کردووە[2].

کۆمپانیا نەوتییەکانی چین لە کۆی حەوت کێڵگە نەوتی سەرەکی عێراق کار لە پێنج کێڵگەی نەوتی دەکەن، کە دوایەمینیان کێڵگەی نەوتی مەجنوون بە دووری 60 کیلۆمەتر لە باکووری رۆژئاوای پارێزگای بەسرە یەکێکە لە گەورەترین کێڵگە نەوتییەکانی جیهان و لە ساڵی 1975 وە دۆزراوەتەوە کە خاوەنی 13 ملیار بەرمیل نەوتی یەدەکە و پێشبینی دەکرێت یەدەکی نەوتی کێڵگەی نەوتی مەجنوون 38 ملیۆن بەرمیل نەوت بێت.

لە نێوان ساڵانی 2003 بۆ 2007 کۆمپانیا چینییەکان خرابوونە دەرەوەی ئەو کۆمپانیایانەی کە لە بنیاتنانەوەی عێراقدا بەشداربوون، لەکاتێکدا کۆمپانیا ئەمریکی و رۆژئاواییەکان کاریان لە زۆربەی پرۆژەکان دەکرد. هەڵبەت توندوتیژییەکانی دوای 2005ی عێراق و دواکەوتنی یاسای نەوت و گازی عێراق هۆکارێکی دیکەی دواکەوتنی بەشداریی کۆمپانیا چینییەکان لە کەرتی نەوتی عێراق بوو. لە لایەکی دیکەوە هەوڵی چینییەکان بۆ ئامادەبیان  لە عێراق دەگەڕێتەوە بۆ بەشداریی ئەو وڵاتە لە پەیماننامەی نێودەوڵەتی عێراق، کە تێیدا هاریکاری بە بەهای 5.6 ملیۆن دۆلار پێشکەش بە کەرتی تەندروستی و پەروەردە کرد لە قەرزەکانی سەر عێراق بە بەهای ٨.٥ ملیار دۆلار خۆشبوو[3].

هاوئاهەنگی و پەیوەندی دووقۆڵی عێراق و چین لە رووی وزەوە  مێژوویەکی دێرینی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨١ کاتێک دامەزراوەی بیناسازی و ئەندازیاری نەوتی جین وەک بەشێک لە کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی چین دەستی بەکارکردن کرد لە کێڵگە نەوتییەکانی عیراق. دوای نزیکەی یەک دەیە عێراق بووە ناوچەیەکی گرنگ لە لای کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی چین. بەشداریی کۆمپانیای CNPC کە گەورەتین کۆمپانیای حکومەتی چین لە بواری نەوت و گاز گرێبەستێکی نەوتی بەشێوەی PSC (رێککەوتنی هاوبەشی بەرهەمهێنان) لەگەڵ سەدام حسین واژووکرد، بەڵام بەهۆی سزا خستنە سەر عێراق لە لایەن رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئەمریکاوە پرۆژەکان دواکەوت.

دوای نزیکەی یەک دەیە عێراق بووە ناوچەیەک کە کۆمپانیای نیشتمانیی نەوتی چین بایەخێکی زۆریان پێدەدا. کۆمپانیای CNPC، گەورەترین کۆمپانیای حکومەتی چینە لە بواری نەوت و گازدا، گرێبەستێکی هاوبەشی بەرهەمهێنانی لەگەڵ سەدام حسین واژۆکرد. بەڵام سزاکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و هێرشی هاوپەیمانان بە سەرۆکایەتی ئەمریکا بۆ سەر عێراق وایکرد پرۆژەکان دوابکەون.

بەپێی ماڵپەڕی فەرمی کۆمپانیای نیشتمانیی نەوتی چین (CNPC)، لە ساڵی ١٩٩٧ لەگەڵ عێراق لە گفتووگۆ دان بۆ کارکردن لە کێڵگە نەوتییەکانی عێراق. کۆمپانیا نەوتییەکانی چین لە کۆی حەوت کێڵگە نەوتی سەرەکی عێراق کار لە پێنج کێڵگەیان دەکەن، کە دواییینیان کێڵگەی مەجنوونە بە هەبوونی ١٣ ملیار بەرمیل نەوتی یەدەکی سەلمێنراو و ٣٨ ملیار بەرمیل نەوتی مەزەندەکراو[4].

سەرەتای دەستبەکاربوونەوەی کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی چین NOC دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ٢٠٠٨ و ٢٠١٠، کاتێک چەند گرێبەستێکی دابینکردنی خزمەتگوزاری و وەک کۆمپانیای هاوبەش لە پەرەپێدانی کێڵگە نەوتییەکان وەرگرت.

**هۆکاری گرنگیپێدان و سەرکەوتنی چین لە پیشەسازی نەوتی عێراق**

هۆکارێکی سەرەکی سەرکەوتنی بەیجینگ لەم گرێبەستەدا، بۆ میکانیزمی وەرگرتنی حەقدەست لەبەرامبەر بەرهەمهێنان هەر بەرمیلێک نەوت دەگەڕێتەوە. لە گرێبەستەکەدا هەقدەست نەبەستراوەتەوە بە نرخی نەوت لە کاتی بەرهەمهێنانیدا، بەڵکۆ دوو میکانیزمی بۆ دیاریکراوە: یەکەمیان وەرگرتنی حەقدەست بە نرخی هاوبەشی فرۆشتنی نەوت لە ١٨ مانگدا و ئەوەی دیکەیان نرخی فرۆشتنی هەر بەرمیلێک نەوتی بەرهەمهاتووە لە ٦ مانگی پێشتردا، ئەمەش داهاتێکی زیاتر لە رووی داراییەوە بە کۆمپانیا چینیەکە دەدات. جیا لەمە بۆ ماوەی پێنج ساڵ داشکاندن بە رێژەی 10% لە نرخی ئەو نەوتەی لە عێراق بەرهەمی هێناوە بۆ چین دەکرێت.

هۆکارێکی دیکەی گرنگیپێدان و وەبەرهێنانی چین لە کەرتی نەوتی عیراق بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئاستی هاردەی نەوتی عێراق لەلایەن چینەوە بە خێراییەکی بەرچاو بەرزدەبێتەوە، بەجۆرێک چاوەڕێدەکرێت لە داهاتوودا بەیجینگ ببێتە یەکەم کڕیاری نەوتی عێراق. لە 2019، عێراق سێیەم گەورەترین هەناردەکاری نەوت بووە بۆ چین، و بە رێژەی 9% یاخود 7.23 ملیۆن بەرمیل نەوت بەشداریی هەناردەکردنی نەوتی کردووە بۆ چین.

کۆمپانیا چینییەکان لە کەرتی وزەدا تاوەکو دێت پێگەی خۆیان قایم دەکەن و رۆژی 23ی نیسان 2021 کۆمپانیای ئیکسۆن مۆبیل فرۆشتنی پشکەکانی بە هەردوو کۆمپانیای هاوبەشی چینی لە کێڵگەی نەوتی رۆژئاوای قوڕنە -1 (Petro China و CNPC) لە نووسراوی فەرمیدا بۆ حکومەتی عێراق پشتڕاستکردووەتەوە[5]. بڕوانە خشتەی ژمارە 1 لە خوارەوە لەبارەی کارکردنی کۆمپانیا چینییەکان لە عێراق لە 2008 تاوەکو 2021.

لەمانگی نیسان ئەمساڵیش کۆمپانیای نەوتی چین (SInopec) گرێبەستی پەرەپێدانی کێڵگەی گازی مەنسوورییەی لە سنووری ئێران وەرگرت، کە بەپێی گرێبەستە 25 ساڵییەکە توانای بەرهەمهێنانی گاز بەرزدەکرێتەوە بۆ 300 ملیۆن پێ سێجا لە رۆژێکدا[6].

بەم دواییەش گرێبەستی 7 ملیار دۆلاری پاڵاوگەی فاو[7] درا بە کۆمپانیا چینییەکان، کە حکومەتی چین خۆی پاڵپشتی دارایی کارەکانی ئەو پاڵاوگەیە دەکات، هەروەها کۆمپانیا چینییەکان وەک کۆمپانیای سەرەکی یاخود لاوەکی لە زیاتر لە 15 کێڵگەی نەوتی لەباشووری عێراق کار دەکەن و عێراق 78 کێڵگەی نەوتی هەیە کە چین دەیەوێت پەرەی پێبدات.

لە کۆتایدا هاتنی کۆمپانیا نەوتییەکانی چین بۆ عێراق و بەشداریکردنی کارای لە سێکتەری پیشەسازی نەوت و گازی عێراقدا لەوانەیە سێ ئامانجی سەرەکی لە پشتەوە بێت، یەکەمیان لە دوای سعودیە و رووسیا، عێراق سێیەم هەناردەکاری نەوتە بۆ چین و بەرێژەی زیاتر 30% نەوت هەناردەی چین دەکات[8]، چین دەیەوێت زامنی ئەو زنجیرەی دابینکردنە لە داهاتوودا بکات، دووەمیان دەستی کاری هەرزان و هەبوونی تەکنەلۆژیای نوێ وایکردووە کۆمپانیا چینییەکانی بواری نەوت دەرفەتی زیاتریان هەبێت، سێیەمیشیان پەیوەستە بە رەهەندی سیاسی و ئامادەبوونی چین لە عێراق و ناوچەکەدا وەک دووەم گەورەترین هێزی ئابووری جیهان.

**خشتەی ژمارە 1: وەبەرهێنانی کۆمپانیا سەرەکییەکانی نەوتیی چین لە دوو دەیەی رابردوو لە عێراق**

| ساڵ | کۆمپانیاکان | پرۆژەکان | بەهای | روونکردەوە |
|---|---|---|---|---|
| 2008 | کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی چین (CNPC( | کێڵگەی نەوتی ئەل ئەحداب | ٣ ملیار دۆلار | دووبارە گفتوگۆکردن لەبارەی گرێبەستی نەوتی هاوبەشی وەبەرهێنان **PSC** |
| 2008 | کۆمپانیای بۆهای | کێڵگەی نەوتی رۆژئاوای قورنە-٢ | ١٥٦ ملیۆن، دۆلار | گرێبەستی هەڵکۆڵینی بیری نەوتی |
| 2009 | کۆمپانیای (CNPC ) | رۆمەیلە | ٥٠ ملیار دۆلار | بە هاوبەشی لەگەڵ کۆمپانیای بی پی بە رێژەی ٣٧.٥٪ |
| 2009 | کۆمپانیای Sinopec | ئەداکس پیترۆلیۆم | ٧.٢٤ ملیار | وەرگرتنی مافی دابەشکردنی نەوت لە کێڵگەی تەق تەق، هەرێمی کوردستان |
| 2010 | کۆمپانیای (CNPC ) | کێڵگەی حەلفایا | بە خاوەنداریتی لە ٤٥٪ | گرێبەستی خزمەتگوزاری تەکنیکی |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 2010 | کۆمپانیای (CNOOP) | کێڵگەی نەوتی میسان | بە خاوەندارێتی لە ٤٥٪ | گرێبەستی خزمەتگوزاری تەکنیکی بە هاوبەشی لەگەڵ کۆمپانیای نەوتی تورکی **TAPO** بۆ پەرەپێدانی کێڵگەی میسان |
| 2013 | کۆمپانیای پیتۆ چاینا | کێڵگەی نەوتی ڕۆژئاوای قورنە-١ | بە خاوەنداریتی لە ٣٢.٧٪ | وەرگرتنی گرێبەستی خزمەتگوزاری تەکنیکی لە ئیکسۆن مۆبیل بە ڕێژەی ٣٢.٧٪ |
| 2013 | کۆمپانیای ئەندازیاری هەڵکۆڵین بوهای | کێڵگەی میسان | ٩٦.٦ ملیۆن دۆلار | گرێبەستی هەڵکۆڵێنی بیری نەوت |
| 2013 | کۆمپانیای خزمرتگوزاری کێڵگەی نەوتی چینی (COSL ) | کێڵگەی نەوتی میسان | ٧٣.٨ ملیۆن دۆلار | گرێبەستی هەڵکۆڵێنی بیری نەوت |
| 2014 | هەردوو کۆمپانیای (CNPC ) و (CNOOP) | کێڵگەی نەوتی میسان | ـ | ڕاکێشانی هێڵی بۆری نەوتی لە کێڵگەی حەلفایا بۆ تیرمیناڵی فاو، ٢٧٢ کیلۆمەتر |
| 2018 | کۆمپانیای گیۆ-جاد پیترۆلیۆم | کێڵگەی نەفت خانە(دیالە) و حویزە (میسان) | ـ | ـ |
| 2018 | کۆمپانیای گرووپی یەکگرتوو وزە | سیندباد | ـ | کێڵگەی سیدباد لە پارێزگای بەسرە |
| 2018 | کۆمپانیا ژیونها نەوتی | کێڵگەی ڕۆژئاوای بەغدا | ـ | پەرەپێدانی کێڵگەی نەوتی |
| 2018 | کۆمپانیای خزمرتگوزاری کێڵگەی نەوتی چینی (COSL ) | میسان | ـ | گرێبەستی هەڵکۆڵین و تەواوکردنی بیری نەوت لە کێڵگەی نەوتی میسان |
| 2018 | کۆمپانیای پاوەر چاینا و نۆرینسۆ | فاو | دروستکردنی پاڵاوگەی نەوتی | پلانی دروستکردنی پاڵاوگەیەکی نەوتی بە توانای ٣٠٠ هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا و پاڵاوگەیەکی بەرهەمەکانی نەوت |
| **2**019 | کۆمپانیا (CPEEC) | کێڵگەی نەوتی حەلفایا | پاڵاوگەیەکی گازی سرووشتی | بنیاتنان و کارکردن لە پاڵاوگەیەکی گازی سرووشتی |
| 2019 | کۆمپانیای (HOSE) | کێڵگەی مەجنون | | پەرەپێدان و تەواوکردنی ٨٠ بیری نەوت |
| 2020 | کۆمپانیای (CNPC ) | کێڵگەی مەجنوون | ٢٠٣.٥ ملیۆن دۆلار | گرێبەستی خزمەتگوزاری ئەندازیاری |
| 2021 | کۆمپانیای (Petro China و CNPC) | کڕینەوەی پشکی ئیکسۆن مۆبیل | ـ | کرینەوەی پشکەکانی کۆمپانیای ئیکسۆن مۆبیل لە کێڵگەی نەوتی ڕۆژئاوای قۆڕنە -1 |
| 2021 | کۆمپانیای نەوتی چین (SInopec) | گرێبەستی کێڵگەی گازی مەنسووریبە | ـ | پەرەپێدانی کێڵگەی گازی مەنسوورییە بۆ بەرهەمهێنانی 300 ملیۆن پێ سێجا |
| 2021 | کۆمپانیا چینییەکان | گرێبەستی پاڵاوگەی فاو | ـ | پەرەپێدانی پاڵاوگەی فاو |
| 2021 | کۆمپانیای **CNOOC** | گرێبەستی 150 بیری نەوت | ـ | -هەڵکەندنی بیری نوێ نەوت |

تێبینی، لەوانەیە گرێبەستی دیکە لەنێوان کۆمپانیا چینییەکان و حکومەتی عێراق لێرەدا نەبێت، هەروەها کارکردنی کۆمپانیا چینییەکان لە هەرێمی کوردستان تێدا نییە.

**سەرچاوەکان**


Al-SHAFIY, Haider Hamood Radhi. "CNPC, CNOOC and SINOPEC in Iraq: Successful Start and Ambitious Cooperation Plan." *Journal of Middle Eastern and Islamic Studies (in Asia)*, 2015: Pp 78 -98.

Calabrese, John. *China-Iraq Relations: Poised for a "Quantum Leap"?* October 8, 2019. China-Iraq Relations: Poised for a "Quantum Leap"? (accessed AUGUST 21, 2021).

Iraq-Business news. *List of International Oil Companies in Iraq*. n.d.

.(https://www.iraq-businessnews.com/list-of-international-oil-companies-in-iraq/ (accessed August 24, 2021

MEED. *Chinese firm to develop Iraq gas field.* April 23, 2021.
.(https://www.offshore-technology.com/comment/chinese-firm-iraq-gas/ (accessed August 23, 2021

Mehdi, Ahmed. *raqi Oil:industry evolution and short and medium-term prospects .* London: Oxford Institute for Energy .Studies, 2018

Staff, Reuters. *Iraq approves China drilling deal for West Qurna Two oilfield: sources.* November 27, 2018.
https://www.reuters.com/article/us-iraq-oil-drilling/iraq-approves-china-drilling-deal-for-west-qurna-two-oilfield-sources-i .(dUSKCN1NW1MK (accessed August 22, 2021

Zidane, Salam. *Al-Monitor.* July 22, 2021.
.(https://www.al-monitor.com/originals/2021/07/chinese-oil-companies-fill-void-iraq (accessed August 23, 2021

[1] https://www.zawya.com/mena/en/business/story/PROJECTS_Chinas_CNOOC_to_drill_150_oil_wells_in_Iraq-ZAWYA202108 /15113707

https://www.bakerinstitute.org/media/files/Research/e1b042f0/Iraq_s_Oil_Sector.pdf [2]

https://www.mei.edu/publications/china-iraq-relations-poised-quantum-leap [3]

[4] https://www.cnpc.com.cn/en/Enlag/201907/a2082cc9c4444eaa99c973dd0e021847/files/3d2c41de747d4c7aa6a5e8157f 188f4f.pdf

[5] /https://www.iraqoilreport.com/news/exxon-sets-deadline-to-exit-west-qurna-1-prompting-tough-talks-with-iraq-43675

[6] https://www.reuters.com/business/energy/chinas-sinopec-wins-contract-develop-mansuriya-gas-field-oil-ministry-2021-0 /4-20

[7] https://www.alsumaria.tv/news/%D8%A7%D9%82%D8%AA%D8%B5%D8%A7%D8%AF/388524/%D8%A7%D8%AD% D8%A7%D9%84%D8%A9-%D9%85%D8%B5%D9%81%D9%89-%D8%B0%D9%8A-%D9%82%D8%A7%D8%B1- %D8%A7%D9%84%D8%A7%D8%B3%D8%AA%D8%AB%D9%85%D8%A7%D8%B1%D9%8A- %D9%84%D9%80%D8%B4%D8%B1%D9%83%D8%A7%D8%AA-%D8%B5%D9%8A%D9%86%D9%8A%D8%A9- %D9%83%D8%A8%D9%8A%D8%B1%D8%A9

https://www.mawazin.net/Details.aspx?jimare=150329 [8]